# پـــــارێزگای سلێمانی

## طلب تعبير عن الاهتمام (دەربڕینی گرنگی پێدان )

## بۆ پرۆژەی:- (ئامادەکردنی دیزاینی ماستەرپلانی مەرزی سەیران بەند )( دووەم جار)

## کۆدی پرۆژە :3253

**شوێنی پرۆژە :قەزای پێنجوێن /ناحیەی گەرمك /مەرزی سەیران بەند**

**ناونیشانی ئەرکی ڕاوێژکاری :ئامادەکردنی کاری ڕوپێویکردن و پشکنینی خاك و کاری تەلارسازی و کاری دیزاینی هەیکەلی پرۆژە و دیزاینی کارەبا و میکانیکی و نیشی ئاو و ئاوەڕۆ بۆ ماستەرپلانی مەرزی سەیران بەند**

**پـــــارێزگای سلێمانی دیەوێت بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی ئەندازیاری و هونەری سلێمانی دیزاینی ماستەر پلانی مەرزی سەیران بەند ئامادە بکات بۆ مەبەستی بە نێودەوڵەتی کردنی مەرزەکە .**

**بۆ ئەو مەبەستە پارێزگای سلێمانی داوا دەکات لەو نوسینگە ئەندازیاریە ڕاوێژکاریانەی کە ئارەزوو مەندن بۆ دەربڕینی گرنگیدانیان لە پێشکەشکردنی خزمەت گوزاری ڕاوێژکاری (خدمات الاستشارية ) بۆ ئامادەکردنی کاری ڕوپێویکردن و کاری پشکنینی خاك و کاری تەلارسازی کاری دیزاینی هەیکەلی پرۆژەکە و دیزاینی کارەبا و بەشی میکانیك نیشی ئاو و ئاوەڕۆ و بەشی ساردی و گەرمی و بەشی ئاگرکوژاندنەوە بۆ ئەو بینایانەی کە تایبەتن بە کاری سنورەکان لە بواری گەشتیاری و بازرگانی دا وەکو( بینای گومرگ و بینای نشینگە و بینای کوالیتی کۆنترۆڵ و بینای کارکێری و ....هتد ) و پاشان گونجاندنی ڕێگاوبانەکان بە شێوەیەك کە جوڵەی بازرگانی ئاسان بکات و و تێکەڵاوی لەگەڵ جوڵەی گەشتیاری نەبێت و دابین کردنی شوێنی گونجاو بۆ کاری بارهەڵگرە بازرگانیەکان ) ماوەی جێبەجێکردنی دیزاینی پرۆژەکە :( 100 ) سەد ڕۆژی ڕۆژمێریە.**

**نوسینگە ئەندازیاریە ڕاوێژکارەکان کە ئارەزووی بەشداربوونیان هەیە پێویستە ئەم زانیاریانەی لای خوارەوە پێشکەش بکەن کە نیشانی دەدەن کە شیاون بۆ جێبەجێکردنی دیزاینی پرۆژەکە :**

1-**نوسراوێك بۆ دەربڕینی گرنگی پێدان بۆ ئەم پرۆژەیە**

2- CV**نوسینگە**

3-**کاری هاوشێوە**

4 -**شارەزایی لە بواری ڕێگاوبان**

5- **لە چۆنیەتی جوڵەی بازرگانی و گەشتیاری سەر سنورەکان شارەزاییان هەبێت**

6-**لیستی ستافی نوسینگە لەگەڵ CVیەکانیان بە شێوەیەکی کورت**

**ئەم ڕاگەیاندنە کراوەیە بۆ هەموو نوسینگە ئەندازیاریە ڕاوێژکارەکان .**

**ڕاوێژکارەکە هەڵدەبژێرێت بە پێی ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتییەکان ژمارە( 2 ) ی ساڵی 2016 کە لە لەیەن وەزارەتی پلاندانان دەرچووە بە پێی شێوازی (LCS) Least cost selection .**

7-**دەبێت دۆکیۆمێنتەکان بە وێنەیەك ڕادەستی پارێزگای سلێمانی بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان /لیژنەی کردنەوەی تەندەر بکرێت تا بەرواری ( 2022/4/26 ) کاتژمێر 10:00 ی پێش نیوەڕۆ.**

8-**ڕۆژی کردنەوەی دۆکیۆمێنتەکان لە هەمان ڕۆژی ( 2022/4/26 )دەبێت دوای داخستنی صندوقی تەندەر کاتژمێر ( 10 ) ی پێش نیوەڕۆ .**

**تێبینی/کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم بانگەوازە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو نوسینگەئەندازیاریە ڕاوێژکاریە ی کە براوە دەبێت.**

**ئەحمەد عەلی ئەحمەد**

**جێگری پارێزگاری سلێمانی**

**وێنەیەك بۆ**

- وەزارەتی دارایی و ئابووری / ب . گشتی ژمێریاری/ گەنجینەی 2/ سلێمانی /بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر/ هەروەها لە کاتی شیکردنەوەو سپاردن.
- بەڕێوەبەرایەتی بەڕێوەبەرایەتی ئەندازیاری و هونەری سلێمانی /بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر / هەروەها لە کاتی شیکردنەوەو هەڵسەنگاندن .
- بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان /کاروباری دارایی/فرۆشتنی تەندەر بۆ کاری پێویست.
- بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان / کاروباری یاسا / بۆ ئاگادارێتان.
- بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان / کاروباری تەکنەلۆجیای زانیاری بۆ ئاگادارێتان.
- یەکێتی بەڵێندەران/ بۆ ئاگادارێتان.
- ماڵپەری www.slemani.gov.krd / پارێزگای سلێمانی بۆکاری بڵاوکردنەوەی .
- بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر لەسەر تەندەری پرۆژەکە پەیوەندی بە ژمارە تەلەفۆنی ( 0533193973 )وە بکەن لە پارێزگا / کاروباری تەندەر .

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئەندازیار | ئەندازیار | لێپرسراوی چاودێری و ڕاهێنان/کاروباری تەندەر | بەڕێوەبەری گرێبەستەکان |